# پشتیوانی  مانگرتنی كرێكارانی ڕێكخراوی MAG ئەكەین

ئەمڕۆ 1ی ئایار ڕۆژی جیهانی كرێكار، كرێكارانی مین هەڵگرەوە لە ڕێكخراوی MAG لەكەمپی بانی مەقان لەچەمچەماڵ، مانگرتنێكی گشتیان دەست پێكردو دەستیان لەكار هەڵگرتوەو بڕیارە تابەجێهاتنی خواستەكانیان نەگەڕێنەوە بۆسەر كارەكانیان، خواستەكانیان بریتی بوون لە:

- زیادكردنی كرێ‌و مانگانەی كرێكاران.
- كەمكردنەوەی سەعاتی كاركردنیان.
- دەوامی ڕێكخراوەكە وەك دەوامی ڕەسمی دەوڵەت چاو لێبكرێت‌و سەرجەم ماف‌و بڕیارەكان بیان گرێتەوە.

شایەنی باسە كە ئەم مانگرتنە بڕیارە سبەی هەردوو كەمپی دیانەو هەولێریش بگرێتەوەو بەمەش ژمارەی كرێكارانی مانگرتوو بگاتە زیاتر لە 500 كەس.

دیارە كرێكارانی مینهەڵگرەوە وێڕای ئەوەی كە گەورەترین خزمەتی ئینسانی پێشكەش ئەكەن‌و ئینسانەكان لە بەڵای مین‌و مەرگێكی شاراوەی حەتمی دوور ئەخەنەوە، تائێستا ژمارەیەكی زۆریان گیانیان لەدەستداوەو ژمارەیەكیتریشیان كەمئەندام بوون، كەچی هەرگیز وەك پێویست ئاوڕ لەماف داواكاریەكانیان نەدراوەتەوەو حسابێك بۆ ئەو ڕیسكەیان نەكراوە كەبەژیان‌و گیانی خۆیانەوە كردویانە. دەسەڵاتدارانی كوردستان هەروەك چۆن لەسەرجەم بوارەكاندا بازارو هەموو وەسیلەیەكی سەرمایەگوزاریان بۆ خۆیان قۆرخ كردوە، بەهەمان شێوە ئەم مەیدانەشیان وەك یەكێك لەو سەرچاوانەی داهات كۆكردنەوە تەماشا كردوەو بۆ ئەم مەبەستە چەندین كۆمپانیاو ناوەندو ڕێكخراوی هاوشێوەیان پێك هێناوە كە بە كاری قۆنتەراتی ئەم ئەركی هەڵگرتنەوەی مینە لەسەر حسابی گیانی كرێكارانی مین هەڵگرەوە كۆنترۆڵ كردوە، لەم ڕێگەیەوە چەندین كەس بوونەتە خاوەنی سەرمایەی گەورەو، لەولاشەوە كرێكارانی ئەم ناوەندە یان گیان لەدەست ئەدەن‌و كەم ئەندام ئەبن، یان لەباشترین حاڵەتدا لەخراپترین هەلومەرجدا ژیان ئەگوزەرێنن، هەرچی دەسەڵاتدرانیشە خۆی بەخاوەنی ئەم كێشەیە نەزانیوەو یاسایەكی نیە بۆ ئەوەی كە لەڕێگەیەوە كرێكارانی ئەم ناوەندە بتوانن بەرگری لەماف‌و خواستەكانیان بكەن‌و بەرژەوەندیەكانی خۆیانی پێبپارێزن.

ئێمە لە ڕێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق وێڕای هاوپشتی‌و لایەنگری تەواومان بۆ خواستەكانی كرێكاران، داواكارین كە دەسەڵاتدران بەفەوری وەڵامی ئیجابی بەم خواستانەی كرێكاران بدەنەوەو، هاوكات داواكارین كە مەسەلەی بیمەی سەلامەتی ژیان‌و گیانی كرێكاران بكرێتە یاساو لەڕێگەیەوە كرێكاران بتوانن داكۆكی لە داواو ماف‌و خواستەكانی خۆیانی پێبكەن. وە بانگەوازی سەرجەم ناوەندە كرێكاری‌و حزب‌و ڕێكخراوەكان‌و لایەنگرانی مافەكانی مرۆڤ ئەكەین كە پشتیوانی لە خواستەكانی كرێكارانی ئەم ناوەندە بكەن‌و پێكەوە بتوانین كۆتایی بەو هەلومەرجە سەخت‌و دژوارەی كرێكاران بێنین.

بژی مانگرتنی ڕۆژی 1ی ئایاری كرێكارانی MAG

**ڕێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق**

**1ی ئایاری** 2007